# کۆچی زانایانی کورد بۆ بەغدا و شوێنهاتە فکری و کولتووریەکان

پ.د.محەممەد زوبێر بایەزی میراوەیی[1]،

مامۆستا لە ناوەندەکانی زانستی مهاباد

mohammad.zobeir133@gmail.com [1]

**المؤلف المراسل:** پ.د.محەممەد زوبێر بایەزی میراوەیی


## پوختە

کۆچکردنی زانایانی کورد بۆ بەغدا، تەنیا کۆچێکی ئاسایی نەبووە لە ناوچەیاکی جوگرافیایی بۆ ناوچەیەکیتر. لەڕاستیدا ئەمە ئاڵوگۆڕی ناوەندەکانی زانستییە و درێژەپێدەری سروشتی جوگرافیایی ناسیاری و زانیاری لە وڵاتانی ئیسلامیدایە. بەغدا وەک پایەتەختی فکر و ئەندێشە و ناوەندی سامانی زانستی جیهانی ئیسلام، کەش و هەوایەکی پێکدەهێنا کە لەودا کەسانی بلیمەتی پەروەردەی جوگرافیای کوردستان، باشتر دەیان توانی لە ئەڵقەکانی فیقهی، عیرفانی، ئەدەبی، فەلسەفی و ...، گەشە بکەن و ببنە ئەستێرەی گەشاوە لە ئاسمانی زانستدا.

لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە بە شێوازی شیکاری و بەهرەمەندبون لە بۆچوونی ناوەند و وەرسوڕانی زانست، هۆکارەکانی کەمتر باسلێکراوی کۆچ و باری زانایان تاوتوێ بکرێت. لێکدانەوەکانی توێژینەوە دەری دەخات کە کۆچکردنی زانایانی کورد بۆ بەغدا، تەنیا لەبەر پێداویستیەکانی زانستی و کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵکو بوو بە هۆی بەرهەمهێنانی جۆرێک لە وەرچەرخانی زانستی کە لێکەوتەکانی لەهەر دوو پلەی تاکی و شارستانییەتدا دەبیندرێ.

لە ڕووی تاکەکەسیەوە، ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ناوەندەکانی زانستی بەغدا، بوو بە هۆی ئاڵوگوڕ لە ڕەوش ناسی(مێتۆدۆلۆژی)، گەشەی ئاسۆکانی فکری و پەیدابوونی جیلێکی تازە لە زانا و موفتی، و لە پلەی شارستانیەتیش ئەو کۆچکردنە بوو بە هۆی پەیدابوونی ڕەوتەکانی تازە لە ڕەوشی تازە لە فیقە و حەدیس، زمان و کولتوور کە هەم بەغدا پێی دەولەمەندبوو و هەم کوردستان و هەردوو ئاڵوگۆڕی گرینگیان تووش هات.

لەم توێژینەوەدا ئەمە دەخرێتە روو کە کۆچکردنی زانایانی کورد بۆ بەغدا، نە تەنیا ڕووداوێک، بەڵکو ئەڵقەیەکی گرینگ بووە لە پەیدابوونی بزوتنەوەی فکر و ئەندێشە و زانیاری لە ناوچەکەدا، کە بە بێ تێگەیشتن لەو ئەڵقەیە، مێژووی گۆڕانگاریەکانی زانستی عێراق و کوردستان، دەمباسێکی نیوەچڵە.


**وشە کلیلییەکان:**. شوناسی زانستی کورد، زانیاری و ناسیاری، بەغدا، کۆچی زانایان.

## پێشەکی

مێژووی زانست و کلتووری ئیسلامی، بەردەوام لە ژێر کاریگەری پەیوەندیەکانی نێوگەلانی و جوگرافیایی بووە. لە گرینگترین و کاریگەرترین ئەو پەیوەندیانە، کۆچی زانایانی موسوڵمان لە ناوچەکانی جۆربەجۆر بۆ ناوەندەکانی زانستی لەسەردەمانی مێژووەدا بووە. لەو بەینەدا کۆچی زانایانی کوردستان بۆ بەغدا لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوو تا سەدەی بیست، ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە ڕاگواستن و گەشەی زانستەکانی دینی، فەلسەفی، ئەدەبی و ... .

بەغدا لە سەردەمانی زێرینی خۆیدا، وەک گەورەترین و گرینگترین ناوەندەکانی زانستی جیهانی ئیسلام ناسراوە و زۆربەی زانایانی موسوڵمان لە وڵاتانی ئیسلامی، ڕوویان لەو شارە کردووە و لە پرۆسەی گەشە و پەرەپێدانی زانست و کلتووری ئیسلامی، ڕۆڵێکی سەرەکیان گێراوە. زانایانی کوردستان بە مێژوو و کلتووری دەوڵەمەند و زمانی کوردی، لە کاروانی کۆچی زانایاندا شوێن پێیان دیارە و کاریگەری قوڵیان هەبووە لەسەر هزر و کلتووری کوردستان و بەغداوە.

لەم توێژینەوەدا بە شێوازی شیکاری ـ وەسفی ـ مێژوویی، هۆکار و بزوێنە و ئەنگێزەکانی کۆچی زانایانی کوردستان بۆ بەغدا و گرینگتر لەهەموو شتێک، شوێنهاتەکانی هزری و مەعریفی ئەو بابەتانە تاوتوێ کراوە. هەروەها باس لە کاریگەریەکانی ئەم کۆچ کردنانە لەسەر گۆڕانکاریەکانی هزری و کلتووری بەغدا و پەیوەندی ئەو لەگەڵ ناوەندەکانی زانستی جیهانی ئیسلام دەکرێ. لە کۆتاییدا هەوڵدراوە ڕۆڵی زانایانی کۆچەر لە بەدیهاتنی بزوتنەوەکانی تازەی هزری و کلتووری و هەروەها گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵایەتی بخرێتە بەرچاو.

لەگەڵ سەرنجدان بە گرینگی ئەم دیاردەیە لە مێژوو و کلتوور و شارستانیەتی ئیسلامیدا، ئەم توێژینەوەیە بەدوای ئەوەدایە هەتا خاڵەکانی جۆربەجۆری کاریگەری کۆچی زانایانی کورد بۆ بەغدا لە پلەی زانست و کلتووری ئیسلامی و گرینگیدان بە شوناسی کوردی و پاراستنی شوناسی دینی و یەکریزی مەزهەبی، روون بکاتەوە.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12383]
- **Submission Date:** [2026/1/7], **Revised Date:** [Insert], **Accepted Date:** [2026/2/13], **Published Date:** [02/08/2026]

## هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:
شیکاری بوارەکانی کۆمەڵایەتی و مەعریفی کۆچی زانایان بۆ بەغدا، لێکدانەوەی هۆکارەکانی کۆچ و شوێنهاتەکانی هزری و کلتووری و گرینگیدانی زانایانی کورد بە شوناسی کوردی.

## شێوازی توێژینەوە:
بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە، شێوازی شیکاری ـ وەسفی ـ مێژوویی رەچاوکراوە، لەگەڵ بەهرەوەرگرتن لە سەرچاوەکانی کتێبخانەیی.

بنیاتی توێژینەوە :
سروشتی ئەم توێژینەوە، ئەوەی خواست کە بکرێ بە چەند بەش. لە بەشی یەکەمدا : هۆکارەکانی کۆچی زانایانی کورد بۆ بەغدا تاووتوێ کراوە. لە بەشی دووهەمدا : پەرتوکخانەکانی بەغدا و رۆڵیان لە کۆچی زانایانی کورد و لە بەشی سێهەمیشدا : تیشک خراەتەوە سەر شوێنهاتەکانی هزری، کلتووری کۆچی زانایان.

لە کۆتاییدا، ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو کە لەم توێژینەوەدا پێیان گەیشتم، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی.

## ١. هۆکارەکانی کۆچی زانایانی کورد بۆ بەغدا
کۆچی زانایانی کورد بۆ بەغدا دیاردەیەکی کەم رەنگ نەبووە و بەدی هاتووە لە کۆمەڵێک هۆکاری زانستی، دینی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەردەمانی مێژوودا. بەغدا وەک یەکێک لە کۆنترین ناوەندەکانی زانستی و کلتووری جیهانی ئیسلام، بەردەوام بۆ زانایان و بەتایبەتی زانیانی کوردستان، دڵرفێنییەکی تایبەتی هەبووە. بە گوتەی یاقوتی حەمەوی : كانت أم دنيا و سيدة البلاد. (حموی،١٩٧٧: ١/ ٤٥٦) تاووتوێ کردنی کۆچی زانایان بۆ بەغدا ئەوە پیشان دەدات، کە هۆکارەکانی رابردوو و ئێستا جیاوازیان هەیە بە تایبەتی لە ماوەی 200 ساڵی رابردوو تا بە ئێستا.

**١-١. پلە و شوێنی زانستی و دینی بەغدا:** لە سەردەمی عەباسیەکانەوە بەغدا، وەک ناوەندی خەلافەت و بنکەی بەرهەمهێنانی زانستی ئایینی، کەلام و ئەدەبی دەناسرا. بە فرمانی خەلیفە ئەبوجەعفەر (١٣٦-١٥٨ک)، زانایانی زۆر روویان کردە بەغدا، کە رۆڵی سەرەکیان هەبووە لە دامەزراندنی بناغەکانی زانستی ئەو شارە، بو تایبەتی دامەزراندنی مەدرەسەی زانستی بەغدا. (رزاق، ١٣٩٢: ٢٦٤) هەبوونی قوتابخانەکانی نیزامییە، پەرتووکخانەکان و زانایانی لێهاتوو لە هەموو مەزهەبەکانی ئیسلامی لە بەغدا، وایکردبوو کە زانایانی کورد بە پەرۆشەوە رووی تێکەن و لەوێ قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی تەواو بکەن و ئەوانیش پێوەلکاوی ئەڵقەی زانایانی لێهاتووی جیهانی ئیسلام بن. ئەبوبەکر بن عیاش (لەدایک بوون ١٩٣ک)، لەبارەی گرینگی بەغدا دەڵێت: ئیسلام لە بەغدا بوو و لەراستیدا بەغدا راوچی گەورەپیاوانە. (بغدادی،١٤٢٧:٤٧) هەروەها (ابنبطوطه) دەڵێ کە بەغدا لە سەردەمی ساسانیەکان، شارێکی مەزهەبی بووە. (ابن بطوطه،١٣٧٦ : ١/٢٧٥) بەغدا گرینگترین شاربووە لە رووی پەیوەندی و رووبەڕووبونەوەی مەزاهیبی ئیسلامی و قسە و گفت و گۆکردن لەسەر بابەتـــی هـــزری، ئیعتیقادی، زانستی و ... ، لە نێوان زانایاندا بە گەرمی باو بووە. (بارانی، ١٣٩٢: ٢)

نیزامی(٥٣٠- ٦٠٢ ک)، شاعیری بەناوبانگی کورد لە گۆڕەپانی ئەدەبی فارسیدا، لە وەسفی بەغدا بە شێوەی تەمسیل و کینایە (لە خشتەی دووهەمدا) ، کە کینایەیە لە گەورەیی و گەشە و خۆشی بەغدا، دەڵێت:

بە شادی بر لب شط جام جم گیر     کهن زنبیلـــی از بغداد کم گیر

(نظامی، ١٣٨٣: ١/٢٢٩)

هەروەها سەلمانی ساوجی(٧٠٩-٧٧٨ک)، شاعیری ئێرانی، لە مەدحی بەغدا، دەڵێ:

بغداد سایه بر همه آفاق زان فکند  که افکنده سایه بر سر او سایه خدا

(ساوجی، ١٣٧١: ١٢٧)

کە خشتەی دووهەم وەرگیراوە لە (دارالسلام)ی بەغدا.
سافی هیرانی(١٨٧٣ ـ ١٩٧٧ز)، شاعیر و عارفی کوردیش دەڵێ:

تا حەشرێ خاک وەسەرکەم تەسکینی قەلبم نایێ

بای سەبا مەگەر بێنێ خاکی دەری بەغداوە

(دیوانی صافی، ٢٠٠٤: ٢١٢)

**٢،١. پەیوەندییەکانی مەزهەبی و فیقهی:** زانایانی کورد، پەیوەندییەکی بەهێز و قوڵیان بە ئایینی ئیسلام هەبووە و لەسەر رێبازی شافیعی بوون. بەغدا وەک ناوەندێکی گرینگی فیقهی شافیعی هەژمار دەکرا. ئەو هاوبەشی و پەیوەندییەی زانایانی کورد بوارخۆشکەر بووە بۆ کۆچی زانستی و مانەوەی ماوەدرێژی هەندێ لە زانایانی کورد لە بەغدا.

**١-٣. لە زۆرینەی کات و سەردەمەکاندا،** بەتایبەتی لە سەردەمی عوسمانییەکان، بەغدا ناوەندی ئیداری و سیاسی بەربڵاو بوو کە بەشێکی کوردستانیشی دەگرتەوە. دانانی هەندێ لە زانایانی کورد لە پۆستی قازی، موفتی و وانە وتنەوە و کاروباری ئیداریدا، ئەوانی هاندەدا بۆ کۆچ بۆ بەغدا و مانەوەیان لەم شارە. لە ٢٠٠ ساڵی رابردوودا کۆبوونەوەی هێزی سیاسی لە بەغدا، هۆکار بووە بۆ مانەوەی گەورە زانایانی دینی و فکری کوردستان لەم شارەدا.

**١-٤. گوشارەکانی سیاسی، ئەمنی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان:**
لە ماوەی بەتایبەتی ٢ سەدە لەمەوپێش، لە کوردستاندا زۆر ئاڵۆزی هەبووە لەرووی سیاسی و سەرکوت کردنی بزوتنەوەکان و لاواز بوونی ناوەندەکانی خۆمانەی دینی و جاری وایش بووە، سنووردار کردنی بەتایبەتی ئەو هەلومەرجانە لە سەردەمی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیدا و دەست تێوەردانەکانی بەریتانیا،(Ozoglu,2011:8) بوو بەهۆی ئەوەی کە هەندێ لە زانایانی کورد بۆ پاراستنی ئاسایش

و ئازادی زانستی و بەردەوام بوونیان بە چالاکییەکانی دینی، روو بکەنە شاری بەغدا.

**١-٥. هێزی راکێشەری ئابووری و بواری ژیان:** بەغدا، وەک پایتەخت و ناوەندی ئابووری، کەل و پەلی ژیان و لایەنگریەکانی حکوومەت و خەڵکیشی بۆ زانایان پێک دەهێنا. وانە وتنەوە لە قوتابخانەکانی حکومی، پێش نوێژی مزگەوتەکان و وەرگرتنی مانگانە لە ناوەندەکانی دینی لە وێنە هۆکارەکانی، کۆچی زانایان بوو بۆ بەغدا لەماوەی ٢ سەدەی رابردوودا.

**١-٦. پەرەی فێرکاری تازە و ناوەندەکانی تازەی زانستی:** لە سەردەمی ئێستادا، دامەزراندنی زانکۆ و ناوەندەکانی باڵای خوێندن و توێژینەوە و ناوندەکانی رەسمی دینی لە بەغدا، هۆکاری گرینگ بووە بۆ سەردانی کردن و مانەوەی زانایانی کورد. زۆرینەی زانایان بۆ پەروەردە بوونیان لە دۆخی فکری تازەدا، بەغدایان بۆ چالاکی زانستی هەڵدەبژارد.

## ٢. پەرتووکخانەکانی بەغدا و رۆڵیان لە کۆچی زانایانی کورد و گەشە کردنیان:

یەکێک لەو هۆکارانەی کە کەمتر باسی لێوە کراوە؛ بەڵام رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە کۆچی زانایان بۆ بەغدا، ئەگەری دەستگەیشتنی راستەوخۆ و بەردەوام بووە بە پەرتووکخانە گەورەکان لە بەغدا. بەغدا بە پێچەوانەی زۆرێک لە ناوەندەکانی زانستی، نەوەک تەنیا شوێنی فێربوون و وانە وتنەوە و گفتوگۆی زانستی بووە، بەڵکو وەک یادگە و حافیزەی نووسراوەی جیهانی ئیسلام وابوو. ئەو یادگەیەی کە بۆ زانایانی کورد، ئەگەری رۆیشتن لە سنوورەکانی زانستی ناوچەی کوردەواری و گەیشتیان بۆ ئاسۆی گەش و رووناک و بەربلاوی زانستی و مەعریفەتی پێک دەهێنا.

هەرچەندە لە کوردستاندا، حوجرەی گەورەی زانستی بوونیان هەبووە و مەزنترینی شاعیران و ئەدیبان و نووسەرانیان لێ بەرهەم هاتووە، بەڵام دەستکەوتنی زانایان بە سەرچاوەکان سنووردار بووە و بەغدا هەر لە سەرەتای سەدەکانی یەکەمی ئیسلامیدا تا ئێستا، خاوەن پەرتووکخانەی گەورە و هەبوونی دەستنووسی زانایانی گەورە بووە و ئەوەش وایکردبوو، کە زانایانی کورد بۆ پەرەی زانستی و توێژینەوە و نووسینی بەرهەمەکانیان رووبکەنە بەغدا و لەوێ بمێننەوە. کتێبخانەکانی بەغدا، چ کتێبخانە وەقفیەکان، مزگەوتەکان و قوتابخانەکان و کتێبخانە تایبەتییەکانی زانایان، تەنیا کۆگای کتیب نەبوون؛ بەڵکو ناوەندێک بوون بۆ گفت و گۆ، پەراوێزنووسی، رەخنە و بەرهەمی زانستی. هەر لە سەردەمی سەلجوقیەکان، کتێبخانەی مەدرەسەی نیزامییەی بەغدا لە ساڵی (١٠٦٦)ی زایینی دامەزرا و ٧ هەزار بەرگ کتێبی تێدا بووە. (امین، ١٣٤٥: ٧٠٤)

هەروەها بازاڕی بەغدا لە مێژوودا بێجگە لە شوێنی دەستکەوتنی کتێب لە بابەتی هەمەڕەنگ، شوێنێک بووە بۆ کۆبوونەوەی زانایان و گفت و گۆی زانستی. (دائمی، ١٣٩٩: ٥٧٠)

دامەزرانی کتێبخانە لە بەغدا، بابەتێکی زۆر گرینگ بووە و بە شێوەیەک، {کە لەسەدەکانی ٤ و ٥ی کۆچی دامەزراندی کتێبخانە لە چالاکییەکانی گرینگ هەژمار کراوە.}(هەمان، ٥٧٣)

زانایانی کورد لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئەم شوێنانە، هاوبەشی چالاکیان هەبووە و بوون بە درەوشاوەترین ئەستێرەکانی زانستی و مەعریفەت لە هەموو جیهانی ئیسلامدا.

یەکێک لە ئەزموونەکانی مەزهەبی و فکری زانایانی کورد لە بەغدا، رووبەڕوو بوونی راستەوخۆ لەگەڵ مەکتەبە فیقهی، کەلامی و فەلسەفییەکان بوو. دەستکەوتنی هاوکات بە نووسراوەکانی مەزهەبەکان و تەنانەت ئاسەوارەکانی فەلسەفی و مەنتیقی، بوو بە هۆی ئەوەی کە ئاسۆی فکری و مەعریفی ئەوان گەشە بکات. ئەم هەموو کتێبخانە، رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بەدیهاتنی تێروانینی بەراوردکارانە و رۆحیەی رەخنەی زانستی زانایانی کورد.

ئەو زانایانەی کە چوون بۆ بەغدا، وردە وردە لەگەڵ شێوازەکانی تازەی لێکۆڵینەوە و نووسینی زانستی ناسیاوبوون. ئەم گۆڕانکارییە لە شێوازەکاندا، لە بەرهەمەکانی زانایانی کوردی دانیشتووی بەغدا بە باشی دەردەکەوێت و نیشان دەدات کە کتێبخانە، هۆکارێکی شاراوەیە بەڵام سەرەکی و بنەڕەتییە لە ئاڵوگۆڕی شێوازی زانستی ئەوان. بۆ نموونە، جەمیل صدقی زەهاوی لە بەغدا، بە هۆی سەردانیکردن بۆ کتێبخانەکان و بەشداری لە کۆبۆنەوەکانی زانایانی ئەم شارە، بوو بە پێشەنگی نوێکاری تازە لە شیعری هاوچەرخی عەرەبیدا.(محسنی نیا، ١٣٨٩: ٢٨)

لە بەغدا دەسکەوتن بە سەرچاوەکانی زانستی، جۆرێک سەرمایەی سەمبولیک بووە بۆ زانایان. زانایانی کورد بەپشت بەستن بە خوێندنەوە، توانیان پلە و شوێنی زانستی خۆیان لە گفت و گۆ کردن و وانە وتنەوە و نووسین دامەزراوتر بکەن و بەم شێوەیە، کتێبخانەکانی بەغدا، سەکۆی بەرزبوونەوەی پلە و پایەی زانستی و کۆمەڵایەتی زانایانی کۆچەری کوردستان هەژمار دەکرا.

## ٣. شوێنهاتەکانی هزری، کلتووری و مەعریفی زانایانی کوردستان بۆ بەغدا

کۆچی زانایانی کوردستان بۆ بەغدا، تەنیا سەردانێکی گەشتیاری نەبووە، بەڵکو دیاردەیەکی هەمەچەشن بووە کە شوێنهاتەکانی بەربلاوی لە بەشەکانی هزر و ئەندێشە، شوناس و مەعریفەت بەدوای خۆیەوە هەبووە. بەغدا وەک ناوەندێکی پرس و ڕاوێژەکانی ئیسلامی، بەستێنی گۆڕانکاری هزری زانایانی کۆچەر بووە. تاووتوێکردنی شوێنهاتەکانی ئەو کۆچکردنانە، دەرخەری ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان زانستی کوردستان و بەغدا، رێکخستن و شێوازی تازەی فەرهەنگ و ئەندێشەی بەدواوەبووە.

### ٣-١. دەست گەیشتن بە زانست و هزری بەرفراوان

لە گرنگترین شوێنهاتەکانی هزری کۆچی زانایانی کورد، دەست پێ ڕاگەیشتنی ئەوان بە ئاسۆی رووناکی زانست و ئەندێشەی ئیسلامی چەند ناوچەیی و بەرفراوان بوو. لە بەغدا، زانایانی کورد لەگەڵ بزوتنەوەکانی هزری رووبەڕوو دەبوون و بە ناچاری تووشی گفت و گۆ و هەڵسەنگاندن و پیشاندانی تواناییەکانی زانستی خۆیان


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12383]
- **Submission Date:** [2026/1/7], **Revised Date:** [Insert], **Accepted Date:** [2026/2/13], **Published Date:** [02/08/2026]

دەبوون. ئەو پرۆسەیە بوو بەهۆی بەدیهاتنی جۆرێک بەرفراوانی زانست کە زانای کورد لە کۆمەڵگای زانستی جیهانی ئیسلامدا وەک ئەستێرەیەک دەدرەوشایەوە. دۆخی بەغدا وەک پایتەختی ئەندێشەی جیهانی ئیسلام و هەبوونی زانایانی لێهاتوو، بەغدای کردبوو بە ئامانجی سەرەکی کۆچ کردنی زانایان. (حاجی تقی، ١٣٨٨،59) هەل و مەرج و ئامانجی کۆچ، ئامادەبوونی زانایانی کورد لە بەغدا وەکوویەک نەبووە. هەندێک لە زانایان بۆ بەدەست هێنانی زانستی زیاتر و بە ئامانجی دەستکەوتن بە پلەکانی زانستی کۆچیان کردبوو بۆ بەغدا و هەندێکیش هاوڕێ بنەماڵەکەیان کە پێشتر کۆچیان کردبوو، لەوێ لەدایک بوون؛ بە نمونە، جەمیل صدقی زەهاوی کە لە ١٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٣٦ی زایینی لە بەغدا لەدایک بووە. (زەهاوی، ٢٠٠٤:٥)

## ٣-٢. گەشەی ڕێدوزی بەراوردکاری و رۆحیەی رەخنەی زانستی

کەشی زانستی بەغدا، کە دامەزراو بوو لەسەر گفت و گۆ لەبەینی مەنهەج و مەکتەبە فیقهی، کەلامی و هزرییەکان، رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە گەشەپێدانی نیگای بەراوردی زانایانی کوردستان. دەست پێ گەیشتن بە سەرچاوەکان و مامۆستایان لە مەزاهیبی ئیسلامی و هتد، ئەوانی بۆ رەخنەی زانستی و هەڵسەنگاندنی بیر و بۆچوونەکان هان دەدا. ئەم گۆڕانکارییە لە بەرهەمەکانی زانایانی کوردی دانیشتووی بەغدا بەرچاوە.

## ٣-٣. گۆڕانکاری زمان و شێوازی زانستی

یەکێک لەو شوێنهاتانەی کە کەس ئاوڕی لێنەداوەتەوە، گۆڕانکاری لە زمان و شێوازی نووسینی زانایانی کورد بووە لە بەغدا. هەبوونیان لە شوێنێک کە بە پێوەرەکانی باڵای نووسینی زانستی، بوو بە هۆکاری ئەوەی کە بەرهەمەکانی زانایانی کورد لەڕووی پێکهاتە و بەڵگەهێنانەوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی باوەڕپێکراو و رێک و پێکی واتایی دەوڵەمەندتر بن. ئەم گۆڕانکارییە لەڕووی شێواز، بەتایبەتی لە ٢ سەدەی دواییدا بوو بە هۆکاری راگواستنی شێوازەکانی تازەی نووسین لە بەغداوە بۆ کوردستان و کاریگەری هەبوو لەسەر چینی دوایی لە خوێندکاران و زانایان

.

## ٣-٤. پێداچوونەوە بە شوناسی کلتووری زانایانی کورد

ژیان و چالاکی لە بەغدا، زانایانی کوردی لەگەڵ بابەتی شووناسی کلتووری رووبەڕوو دەکردەوە. زاناکان لە شارێکی چەند قەومی، چەند مەزهەبی و چەند زمانە، ناچار دەبوون پێداچوونەوە بە کوردبوون و موسوڵمانبوونی خۆیان بکەن. ئەوە بوو کە لەم دۆخەدا شوناسێکیان بۆ بەدی دەهات لە چوارچێوەی شوناسی ئیسلامی - زانستی، و بەهیچ شێوەیەک شوناسی نەتەوەییان پەراوێز نەخست و هێندەش زەقیان نەدەکردەوە و ئەوەش کاریگەری گرنگی هەبووە لەسەر تێڕوانینی کلتووری زانایانی کورد بە کۆمەڵگای خۆیان، کە کاریگەری بخاتە سەر چالاکی زانستی ئەوان.

## ٣-٥. بەدیهاتنی تۆڕەکانی کلتووری و زانستی بەردەوام

کۆچی زانایانی کورد بۆ بەغدا، بوو بەهۆی بەدیهاتنی تۆڕەکانی زانستی و کلتووری فرەناوچەیی کە بریتی بوو لە پەیوەندی مامۆستا و قوتابی، هاوکاری زانستی، ئاڵوگۆڕی کتێب و هزر و ئەندێشەو ئەم پەیوەندییانە، یارمەتیدەر بوون بۆ بەردەوامی کاریگەری هزری لە بەغدا لەسەر کوردستان و کوردستان لەسەر بەغدا و هەروەها وڵاتانی دیکەی ئیسلامی و کۆچی زانایان لە ڕووداوێکی تاکەکەسی بوو بە دیاردەیەکی پێکهاتەیی. بۆ نمونە؛ جەمیل صدقی زەهاوی وەک زانایەکی هەلکەوتووی کورد لە بەغدا لە ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی، رێکەوت لەگەڵ ١٩٤٣ ی زایینی، بۆ بەشداری لە کۆنگرەی هەزارەی فیردەوسی دەچێتە تاران و جگە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ شاعیران و ئەدیبانی ئێرانی، وەک (ملک الشعرای بهار، ١٢٦٥ ــ ١٣٣٠ ک.ه) دوو قەسیدە لە مەدحی فیردەوسیدا دەنووسێ بە زمانی عەرەبی و فارسی. قەسیدە عەرەبییەکەی ٧٨ دێڕە لە بەحری خەفیفدا. ئەمە دێڕێکی قەسیدە عەرەبییەکەیەتی:

انت فی شعر کان فتحا مبینا　　　و اخذ من اولئک الخالدینا
(زەهاوی، ١٩٩٥: ٥٢)

(ملک الشعرای بهار)یش، جمیل صدقی زەهاوی، بە شاعیرێکی نیشتمان پەروەر وەسف دەکات و دەڵێت:

راست پرسم راستگو مانند صدقی جمیل / کی وطن خواهی سخن‌گستر به دوران دیده‌ای
(بهار ،١٣٥٤: ٦٧٩)

وە لە شینی ئەودا، جەمیل زەهاوی بە (سلطان سخن) ناو دێنێ:

دجله بغداد در مرگ زهاوی خون گریست/ نی خطا گفتم که شرق از نیل تا سیحون گریست
اشکـریزان شد عراق از ماتم فرزند خویش/همچـــو یونان کز غم هجران افلاطون گریست
زین بلای عام یعنی مرگ **سلطان سخـــن**
مردم شهـری به شهــر و بدو در هامون گریست
(هەمان)

## ٣-٦. داهێنانەکانی زانستی و کلتووری

کۆچی زانایانی کورد بۆ بەغدا، بوو بە هۆی داهێنەری زانستی و کلتووری کە لەو رێگەوە، زانایانی کورد لە گەشەی زانست لە بوارەکانی تەفسیر، حەدیس، فیقە و ئوسولی فیقە و ... ، رۆڵێکی بەرچاویان هەبێ. بەرهەمەکانی زانایانی کورد لەماوەی مێژوودا، بەردەوام بوونەتە سەرچاوە و کەڵکیان لێوەرگیراوە. تەنانەت گەلی کورد، هەرکات باس لە مێژووی کوردستان بکات، جگە لە هەوڵ و کۆششەکانی مەلا و زانایانی کورد هیچ نووسراوێکی ئەوتۆ لەبەردەست دانین کە رووی مەجلیسیان هەبێ. (رەشید شەریف، ٢٠٢٢: ٦)

بۆیە زانایانی کورد بەردەوام وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە تەڕاتێندا بوونە و هەموو قوژبنەکانیان بە چرای زانست و مەعریفەت پڕ نوور و رووناک کردۆتەوە و پێشەنگی داهێنانی زانستی بوونە لە زانستەکانی جۆربەجۆر و مێژووی زانایانمان گەواهیدەری ئەم راستییەن.

## ٢-٧. پاراستن و ڕاگواستنی میراتی کلتووری کوردی

کوردستان بە هەبوونی سەدان حوجرە و چەندین خانەقای سەر بە دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی، وەک سەرەکیترین بەشەکانی شارستانیەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، میراتێکی هەمەچەشنی لە زمان و ئەدەبیات، عیرفان و خواناسی، زانستە ئیسلامیەکان و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، لە خۆیدا جێکردۆتەوە. زانایانی کورد کە هەموویان پەروەدە و پێگەیشتووی دوو مەڵبەندی بەهێزی زانستی و عیرفانی بوونە، ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە لە پاراستن و ڕاگواستنی ئەم سامانە کلتوورییە.

زانایانی کورد، بە تایبەتی لە ڕێگەی شیعر و ئەدەبیاتەوە، بە تایبەتی شیعری عیرفانی، وەک بەهێزترین ئامرازی ڕاگواستنی میراتی کلتووری، بەهرەیان وەرگرتووە. زمانی کوردیان وەک مەتەرێز و سەنگەرێک زانیوە بۆ پاراستنی فەرهەنگ و مێژوو و ئەدەبیات و پەناگەی شوناسی نەتەوەیی. وەک شارەزایان دەڵێن، کە زمانی هەر نەتەوەیەک کلیلی ناسینی فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە. (محسنی، ١٣٧٠: ١١٧) شاعیران و ئەدیبانی کورد کە هەرکامیان، زانای ئایینی لێهاتوو بوونە، بە هۆنینەوەی شیعری ئەخلاقی، عیرفانی و کۆمەڵایەتی بە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی و تەنانەت تورکیش، جگە لە زیاتر دەوڵەمەندترکردنی ئەدەبی کوردی، بوون بە هۆکاری پەرەی زمانی پێوەر و ستاندارد. ترادگیل، بەم شێوە پێناسەی زمانی پێوەر دەکات و دەڵێت : شێوە زمانێکە کە لە ڕۆژنامە و چاپەمەنیدا و لە قوتابخانەکان و ناوەندەکانی زانستی پێی دەخوێنن و پێی دەئاخڤن و لە میدیا و ڕاگەیاندن بەکار دەهێنرێت. (ترادگیل، ١٣٧٦: ٢٣) و بەم شێوە شیعر بوو بەهۆی ڕاگێیەنەری ڕاگواستنی تایبەتمەندییەکانی ئەخلاقی، دینی و شوناس و کلتووری کوردی بە هۆی هەوڵ و کۆششی بێ‌وچانی ئەوان لە دارمان و نەمان و فەوتان ڕزگاری بوو. چونکە باش هەستیان بەوە کردووە کە بێتوو زمان و ئەدەبیاتی کوردی تووشی کاڵبوونەوە بێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە، شوناسی کلتووری و نەتەوەیی بەرەو تواندەوە دەڕوات. بۆیە زانایانی کورد بە تایبەتی ئەوانەی لە بەغدا و وڵاتانی ئیسلامی بوونە و نووسراویان هەیە، ئاگاداری ڕەگ و ڕیشەو زمانی و قەومی خۆیان و لە سەرچاوەکانی مێژووییدا بە نازناوی (الکردی) و (الکرد) دەناسرێن. وەک نموونە، عەللامەی بێتوشی لە کۆتایی نووسراو و بەرهەمەکانی، ناوی خۆی بەم شێوە تۆمار کردووە: الملا عبدالله البیتوشی الشافعی الکردی الآلانی. (البیتوشی، ٢٠٠٥: ١٥)

لە ڕووی پاراستن و ڕاگواستنی ئەو میراتەوە، زانایانی کورد لە سەنتەری هزر و ئەندێشەی ئیسلامی (بەغدا)، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوونە کە گەلەکەیان ئایین دۆست و نیشتیمان پەروەر بن. بە نموونە نووسراو و شیعرەکانی زانایان و شاعیران، وەک هەژار، هێمن و مامۆستای مودەڕیس و سەرتر تا دەگا بە جەمیل صدقی زەهاوی و موفتی زەهاوی و دەیان و سەدانیتر لە زانایانی کورد، گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن و ڕۆڵێکی گرینگیان گێراوە لە پاراستنی شوناسی کوردی.

بەرهەم و نوسراوەکانی پاکی زانیارانـــی کورد

دەیکەنە بارانـــی ڕەحمەت بۆ وەتەن بێتە حەیات

ئەو خەزێنەی وابژێوی هێـــزی زانیاری گەلە

دێتە بەرچاوی هەموکەس وەک لە ساوا خۆرهەڵات

(عەتوفی، ١٣٩١: ٢٤)

## ٣-٨. ئاڵ و گۆڕی زانستی و کلتووری

کۆچی زانایانی کورد بۆ بەغدا و مانەویان لەم شارە، کە بە بۆچوونی (ابوالفرج الببغا) : [هی مدینة السلام، بل مدینة الإسلام]ە، (حموی، ١٩٧٧: ٤٦١) بوو بە هۆی ئاڵ و گۆڕی کلتووری و زانستی بەربڵاو لە نێوان وڵاتانی ئیسلامیدا. پەیوەندی دوولایەنەی نێوان زانایانی جیهانی ئیسلام (لە بەغدا) لە هەموو مەزاهیبی ئیسلامییەوە، زۆر بەربڵاو و بەرچاو بووە. وانەگوتنەوە و گفت و گۆکانیان بەغدای کردبوو بە ناوەندی متمانەپێکراوی زانستی و کلتووری و زانایان بەردەوام هات و چۆی بەغدایان کردووە. (قربان نژاد، ١٣٩٩: ٢٢٣)

زانایانی کۆچەری کورد بە دەست پێڕاگەیشتنیان بە سەرچاوەکانی زانستی لە بەغدا لە هەموو بەشەکاندا، دەستکەوتی باشیان هەبووە. هەروەها ئەو کۆچە، بۆتە هۆی گواستنەوەی کلتوور و زانستی کوردستان بۆ بەغدا و لەوێشەوە بۆ کوردستان. ئەم ئاڵ و گۆڕیە کلتووری و زانستیە، هۆکاری بوژاندنەوە و گەشەی زانست بووە لە بەغدا و تەنانەت لە جیهانی ئیسلامیش. زانایانی کورد لە گەشەی نووسینی مێژووی ئیسلامی و ئەدەبیاتیشدا، دەستێکی باڵایان هەبووە و توانیویانە لەگەڵ مێژوونووسان و ئەدیبانی گەلانیتر پەیوەندیان هەبێ و بەم شێوە کاریگەریان هەبووە لەسەر بزوتنەوەکانی هزری و ئەدەبی ئەو کات و بە نووسینی شیعر و بەرهەمەکانیان، بە تایبەتی بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی، کە پاشا و دەستەڵاتداری موڵکی زانستی و ئەدەبی ئەم دوو گەلەبوونە، بوونەتە هۆکاری دەوڵەمەندکردنی زیاتری ئەم زمانانە و گەلی عەرەب و فارس، لەو ڕوویەوە تەواو قەرزاری زانایانی کوردن لەماوەی مێژوودا.

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بەدەفتەر گرتووە

نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە

(نالی، ١٣٨٩: ٦٣)

شێخ محەممەدی خاڵ (١٩٠٤ ـ ١٩٨٩ز)، لە کتێبی موفتی زەهاویدا دەڵێت: بیستم لە کتێبخانەی موحامی مامۆستا عەزیز عەززاویدا، سێ قەسیدەی فارسی زۆر بەرزی هەیە کە یەکێکیان بە بۆنەی هاتنی (ناصرالدین شا)وە بۆ بەغدا گوتوویەتی. (خاڵ، ٢٠١٨: ٦٢) هەروەها لە ستایشی خوای گەورەدا هەر بە فارسی دەڵێ:

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12383]
- **Submission Date:** [2026/1/7], **Revised Date:** [Insert], **Accepted Date:** [2026/2/13], **Published Date:** [02/08/2026]

جـــز از تـــو کـــس نکنـــد درد را دوا غیر از تو کس ندهد حاجتی روا

خواهیم حاجت خود از تو نه زماسوی با ما در احتیاج بود ماسوی سوا

خودایە! تۆ نەبیت کەس دەرمان ناکات تۆ نەبی کەس (نامانگووریەک) بە واتای دەستەنگی و هەژاری، (خاڵ، ٢٠١٨: ٥٨١) لانابات. خودایە پێویستی خۆم هەر لە یۆ داوا دەکەم. چونکە بێجگە لە تۆ هەموو کەسێک وەک من چاوەڕوانی دەستی تۆن. (هەمان)

صافی هیرانی (١٨٧٣ ـ ١٩٧٧ز)، شاعیر و خواناسی بەناوبانگی کورد، موفتی ئاسا بە زمانی پاراوی کوردی دەڵێت:

ئەی صافی‌یی هیرانی ئەولادی عەلی و ثانی / چارەت لە پەرێشانـــی دەرگانەیـــی شاییکە
(دیوانی صافی، ٢٠٠٤: ٢٦٥)

راستەوخۆ ئاماژە دەکاتە ئەم ئایەتە پیرۆزە : (أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ) زمر/٣٦ واتە: ئایا تەنیا خوا بۆ بەندەی خۆی بەس نییە؟ (کەس دەردێک دەرمان ناکات، تۆ نەبێ)

بۆیە صافی، دەڵێ کە تەنیا خوایە ﷻ کە فریادرەسە و هەر ئەو چارەساز و لێبوردەیە و شیاوی پەنا بۆبردن و خۆشەویستنە. دیارە چوارچێوەی بیرو باوەڕ و هزری صافی، بەرەو باغی تەریقەت خەملیوە کە بە شێوەی جوان و ناسک و پرســـۆز و هەست، ئاڵا و واڵای نەخشین و نەقشـــی رەنگینـــی هێناوەتە ئاراوە و دەستەواژە و راز و نهێنیە عیرفانیەکانی، زۆر لە روو لەناو هۆنراوەکانیدا خۆدەنوێنن، وە پێویستیان بە شیکاریەکی زانستـــــی عیرفانی هەیە بۆ دەستەبەرکردن و دۆزینەوەی مەبەست و موڕادی شاعیر کە بابەتی ئەم وتارە نییە.

موفتی زەهاوی (١٧٩٣ ـ ١٨٩٠ز) بە زمانی عەرەبی هۆنیوەتی کە:

معظم خلق الله فيهم معـــزز لهذا تحاذى بالعيون المناظر

واتە، هەر کەسێک بە چاوی سەنگین و گران تەماشای خەڵکی بکات، خۆشی سەنگین و گران دەبێت لە ناویانا. جا هەر لەبەر ئەوەیە کەوا چاویلکە هەمیشە ئەخرێتە چاو، (هەمان، ٧٠)

لە بابەتی باڵادەستی زانایانی کورد و شارەزاییان لە زانستەکان و زمانی نەتەوەکانی‌تر، چ ئەوانەی لە بەغدا سەریان هەڵداوە و چ ئەوانەشی لە شوێنەکانی‌تر و لە خودی کوردستان، باڵیان بەسەر ئاسمانی زانست و ئەدەبیاتدا کشاندبێ، گەلێک نموونە هەن، کە شیکاری و لێکدانەوەی ئەم بابەتە پێویستی بە نووسینە دەیان پەرتووکە و لەو توێژینەوەدا ناکرێ بەتەواوەتی مافی خۆی پێبدرێ. تەنیا دەکرێ وەک نموونە دوو بۆ سێ بابەت بخرێتە بەر نیگای وردبینانەی توێژەران و پێنووس بەدەستان، بۆ شیتەڵکاری زیاتری کاریگەری زانایان و ئەدیبانی کورد لەسەر بزوتنەوەکانی هزری و مەعریفی لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا.

لەسەر ئەم ئایەتە پیرۆزە : (وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي)(143/ اعراف)، لای شاعیران و زانایانی خواناسی بەرزی گۆڕەپانی ئەدەبی فارسیەوە، لێکدانەوەی جیاواز کراوە و هەرکام بە جۆرێک هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە. بە نموونە:
شێخی سەعدی (وەفات ٦٩١ک) بە مەحەکی عەقڵەوە هەڵیدەسەنگێنێتو دەڵێت کە بۆ وڵامێک کە نەرێنی بێت، ئیتر نابێ پرسیار بکرێو تەواو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە وجودو هەبوونی خوا ﷻ لە ناو دڵەوە کافیو بەسە.

چو رسی به طور سینا (أرنی) مگو و بگذر که نیرزد این تمنا به جواب (لن ترانی)

بەڵام حافیزی شیرازی(٧٢٧ ـ ٧٩٢ک) بۆچوونی جیاوازەو عاشقانە لێکیدەداتەوەو دەڵێت کە دەبێ پرسیار بکرێ، چ وەڵام بدرێتەوە یا خۆد نا، هەر ئەوە کە دەنگی مەعشوق ئەبیسترێ، ئەمە خۆی کافییە.

مەولانا (٦٠٤ ـ ٦٧٢ک)کە سەراپای وجودی عیرفانە، عاریفانە لێکدانەوەی بۆ دەکاتو دەڵێت کە چ مەعشوق (خوا) ببینم و چ نەیبینم، گرینگ نییەو گرنگ ئەوەیە کە خوا ﷻ هەمیشە لە ناخی دڵمدایەو ئەمە خۆی کاکڵی خواناسییە.

(أرنی) کسی بگوید که تو را ندیده باشد تو که با منی همیشه چه (ترى) چه (لن ترانی)

مەولانا خالیدی نەقشبەندی شارەزووری(١١٩٠ ـ ١٢٤٢ک)، بە هەمان بۆچوونی حافیز، عاشقانە لە بابەتەکە دواوە.

چو رسی به طور سینا (أرنی) بگو و مگذر شنوی ز دوست حرفی اگر چه (لن ترانی)

مەلا مەحمودی کوڕی شێخ ئەمینی نەقشبەندی بێژوێ، عاریفانە لێکدانەوەی بۆ دەکات و دەڵێ : لەسەر کێوی سینا خەمۆشو بێدەنگ بەو هیچ قسەیێ مەکە، چونکە مرۆڤ بە بێدەنگی خۆی بە ئاواتی دڵی ئەگات و لە (أرنی )( لن ترانی) بەهرەمەند دەبێت.

بر خود دهد خموشی به سخن میا که سینا به خموشی کام برد از (أرنی) و (لن ترانی)
(نەقشبەندی، ٢٠١٢: ٣٠ـ٢٩)

صافی هیرانی دەڵێ: کە بۆ دڵی شەیدای من تۆزقاڵێک لە نووری تەجەللای پەروەردگار ﷻ کافیەو چاوەڕێی وەڵامی (لن ترانی) ناکات، چونکە سەراپای وجودی گڕ دەگرێتو لە عەشقی خوادا دەتوێتەوەو هەم عاشقانەو هەم عاریفانە لەسەری دەدوێت.
همین موسی دل یک ذره نور جلوات کافی ست/ مگویی (لن ترانی) چون سراپا طور میگردد
(دیوانی صافی، ٢٠٠٤ : ٤١١)

وە مەحویش (١٨٣٦ ـ ١٩٠٦ ز)، کە لە ساڵی (١٨٥٨ز) لە لایەن موفتی زەهاوی کراوەتە مامۆستای دەرسبێژی مزگەوتی ئیمامی ئەعزەم لە بەغدا (ئیبراهیمی، ١٣٦٤: ٢٩٣)،عاریفانە دەڵێ:

(ارنی)و (لن ترانی) با نەڵێت و نەشنەوێ موســـا

بە سائیل نادرێ ئەوەی دەرخواردی میوانـــــە

(نەقشبەندی، ٣٠)

**٣ـ٩. پاراستنی شوناسی دین و جەخت کردنیان لەسەر پابەندبوون بە مەزهەبەوە:**

پاراستنی شوناسی دینی، یەکێک لە کۆڵەکەکانی سەرەکی بەردەوامی چالاکی کلتووری و کۆمەڵایەتی زانایانی کوردبووە. لە ماوەی مێژوودا، زانایانی کورد جگە لە هەوڵدانیان بۆپاراستنی بیر و باوەڕی ئیسلامی رۆڵێکی گرینگیان هەبووە لە پابەندبوونی زانایانە بە مەزهەبەکان، بە تایبەت بە مەزهەبی شافیعی و بۆ دامەزراندنی یەکڕیزی مەزهەبی و راگواستنی ئیسلامی، چالاکیان نواندووە.

لە کوردستان هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە، گەورەترین ناوەندی زانستی دینی بووە و حوجرە و خانەقاکان شوێنی پەروەردەبوونی هەزاران زانا و ئەدیبی گەورە بووە، کە لە رووی دینی‌یەوە لە چوارچێوەی مەزهەبەکانی ئیسلامی، بە تایبەتی مەزهەبی شافیعی چالاکیان کردووە. کەسایەتیەکانی وەک، ئیبن سەلاحی شارەزووری(٥٧٧ ـ ٦٤٣ک)، ئیبن خەلەکان(٦٠٨ ـ ٦٨١ک)، شێخی سوهرەوەردی(٥٤٩ ـ ٥٨٧)، هەتا دەگاتە زانایانی سەدەی هاوچەرخ، رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە نووسین و بڵاوکردنەوەی زانستە ئیسلامیەکان و پەرەپێدانی بناغەکانی مەعریفەت و شارەستانیەت، لە چوارچێوەی رۆچوونیان لە شەریعەت و تەریقەت، کە خۆی یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی شوناسی دینی زانایانی کورد.

## ئەنجام

کۆچی زانایانی کوردستان بۆ بەغدا، لە ماوەی مێژوودا لە گرینگترین رووداوەکانی زانستی و کلتووری جیهانی ئیسلام، هەژمار دەکرێ، و بوو بەهۆی بەدیهاتنی تۆڕەکانی زانستی و کلتووری فرەناوچەیی یارمەتیدەر بوون بۆ بەردەوامی کاریگەری هزری لە بەغدا لەسەر کوردستان و کوردستان لەسەر بەغدا و هەروەها وڵاتانی دیکەی ئیسلامی.

کۆچی زانایان، تەنیا دیاردەیەکی جوگرافیایی نەبووە، بەڵکو پرۆسەیەکی کلتووری و هزری و مەعریفی، گۆڕانکاری بەربڵاوی لە مێژووی زانست و شارەستانیەتی ئیسلامی بەدواوە بووە. بە رۆچوونیان لە شەریعەت و تەریقەت و بە نووسین و بڵاوکرنەوەی زانست و پەرەپێدانی بناغەکانی شارەستانیەت و مەعریفەت رۆڵیان هەبووە.

هەروەها، رۆڵ و کاریگەریان هەبووە لە پاراستنی شوناسی دینی، یەکڕیزی مەزهەبی و گرینگیدان بە پاراستنی شوناسی کوردی.


## Abstract

The migration of Kurdish scholars to Baghdad was not merely an ordinary geographical movement from one region to another. In reality, this represented a transformation of scientific centers and a natural continuation of geographical knowledge and information within Islamic countries. Baghdad, as the capital of thought and intellectual discourse and the center of scientific wealth in the Islamic world, created an environment where talented individuals educated in Kurdish geography could better develop within scholarly circles of jurisprudence, mysticism, literature, philosophy, and other domains, becoming radiant stars in the firmament of science.

In this research, an attempt has been made to analyze and utilize perspectives on scientific centers and knowledge circulation to explore the less-discussed factors behind scholars' migration. The research's analyses reveal that the migration of Kurdish scholars to Baghdad was not solely due to scientific and social necessities, but became a catalyst for a type of scientific transformation whose consequences are observable at both individual and civilizational levels.

From an individual perspective, confronting Baghdad's scientific centers led to methodological exchanges, expansion of intellectual horizons, and the emergence of a new generation of scholars and muftis. At the civilizational level, this migration resulted in the emergence of new trends in jurisprudence and hadith, language and culture, which both enriched Baghdad and Kurdistan, causing significant mutual transformations.

This research demonstrates that the migration of Kurdish scholars to Baghdad was not just an event, but a critical link in the emergence of intellectual, scholarly, and knowledge movements in the region. Without understanding this link, the history of scientific changes in Iraq and Kurdistan remains incomplete.


**Keywords**: Kurdish Scientific Identity, Knowledge and Epistemology, Baghdad, Scholars' Migration


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12383]
- **Submission Date:** [2026/1/7], **Revised Date:** [Insert], **Accepted Date:** [2026/2/13], **Published Date:** [02/08/2026]

## ملخص


لم تكن هجرة العلماء الأكراد إلى بغداد مجرد انتقال جغرافي عادي من منطقة إلى أخرى، بل كانت في الواقع تحولاً في المراكز العلمية واستمراراً طبيعياً للمعرفة والمعلومات الجغرافية داخل الدول الإسلامية. فقد هيأت بغداد، بصفتها عاصمة الفكر والحوار الفكري ومركز الثروة العلمية في العالم الإسلامي، بيئةً مواتيةً للأفراد الموهوبين المتعلمين في الجغرافيا الكردية، حيث تمكنوا من التطور والنمو في الأوساط العلمية للفقه والتصوف والأدب والفلسفة وغيرها من المجالات، ليصبحوا نجوماً ساطعة في سماء العلم.

يسعى هذا البحث إلى تحليل واستخدام منظورات المراكز العلمية وتداول المعرفة لاستكشاف العوامل الأقل تناولاً وراء هجرة العلماء. وتُظهر تحليلات البحث أن هجرة العلماء الأكراد إلى بغداد لم تكن نابعةً فقط من ضرورات علمية واجتماعية، بل كانت حافزاً لنوع من التحول العلمي الذي تتجلى آثاره على المستويين الفردي والحضاري.

... من منظور فردي، أدى التفاعل مع المراكز العلمية في بغداد إلى تبادل منهجي، وتوسيع الآفاق الفكرية، وظهور جيل جديد من العلماء والمفتين. وعلى الصعيد الحضاري، أسفرت هذه الهجرة عن ظهور اتجاهات جديدة في الفقه والحديث، واللغة والثقافة، مما أثرى بغداد وكردستان على حد سواء، وأحدث تحولات متبادلة هامة.

يُبين هذا البحث أن هجرة العلماء الأكراد إلى بغداد لم تكن مجرد حدث عابر، بل كانت حلقة وصل حاسمة في نشأة الحركات الفكرية والعلمية والمعرفية في المنطقة. وبدون فهم هذه الحلقة، يبقى تاريخ التغيرات العلمية في العراق وكردستان ناقصًا.



**الكلمات المفتاحية:** الهوية العلمية الكردية، المعرفة والإبستمولوجيا، بغداد، هجرة العلماء


## سەرچاوەکان


١. قورئانی پیرۆز.

٢. البيتوشی، الملا عبدالله (٢٠٠٥)، كفاية المعانی، شرحه: شفيع برهانی، دمشق، دار اقرأ.

٣. امين، د. حسين(١٣٤٥)، كتابخانەهای بغداد در عصر سلجوقی، ترجمه: وحيدنيا، ش ٣٢، پرتال جامع علوم انسانی.

٤. ابن بطوطه(١٣٧٦)، سفرنامه، ترجمه: د. محمد علی موحد، ج ١، چاپ پنجم، تهران.

٥. بارانی، محمدرضا(١٣٩٢)، بررسی تاريخی تعامل فكر و سياسی... در بغداد، قم.

٦. حموی، ياقوت(١٩٧٧)، معجم البلدان، ج ١، بيروت. دار صادر.

٧. خطيب بغدادی،احمد (١٤٢٧)، تاريخ بغداد، ج ١، بيروت.

٨. خال، شێخ محمد (٢٠١٧)، موفتی زەهاوی، ئامادەكردنی: د. حەميد كانی ميرانی،سلێمانيه.

٩. ........................ (٢٠١٨)، فەرهەنگی خاڵ، هەولێر.رۆژهەلات.

١٠. دائمی، امير حسين(١٣٩٩)، كتابخانه دارالعلم شاپور در بغداد، ش٢، تاريخ علم.

١١. ترادگيل، پيتر (١٣٧٦)، درآمدی بر زبان و جامعه، ترجمه: محمد طباطبايی، تهرن، آگاه.

١٢. رشيد شريف، د. عرفان(٢٠٢٢)، باوەشێنی دڵ : ساغكردنه و ئامادەكردن، تەفسير.

١٣. رزاق. جابر (١٣٩٢)، نقش دانشمندان مرو شاهجهان در نهضت فكری بغداد، ترجمه: زهرا اسحاقی، ش ٢٢، پيام بهارستان.

١٤. عەتوفی، مەلا رەسوڵ (١٣٩١)، ديوانی توراو، سنه، بڵاوكراوەی ئيمامی رەببانی.

١٥. قربان نژاد، پريسا(١٣٩٩)، بانيان و مشايخ رباطهای بغداد، ش٢٧، مجله پژوهش‌های تاريخی ايران و اسلام.

١٦. محسنی نيا، ناصر (١٣٨٩)، جميل صدقی زهاوی و زبان و ادبيات فارسی، ش٢، گوهر گويا.

١٧. مەلا مستەفا، محەمەد(٢٠٠٤)، ديوانی صافی،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٨. محسنی. منوچهر(١٣٧٠)، مقدمات جامعه شناسی، تهران، نشر مولف.

١٩. نەقشبەندی، شێخ رەئوف(٢٠١٢)، ديوانی گوڵزاری ئەدەب، چاپی يەكەم، چاپخانەی مناره هەولێر.


**